# شەکاوەیی ئالای کوردستان و کردنەوەی فرۆکە خانەی هەولێر هێمای سەرکەوتنە

ئەحمەد دەشتی

ئەمرۆلەم تاراوگە دوورە دوورەوە واتە ١,٧,٢٠٠٣ ی زاینی دا لە کەنالی زەتەلایتی کوردستان تیڤی)وە چاوم بە هەلدانی ئالا ڕەنگینەکەی کوردستان کەوت و هەوالی کردنەوەی فرۆکە خانەی هەولێرم بیست، کە ئەوەندە شادان و خەندانی کردم وام زانی کە تازە بە تازە لە دایك بوویمە،بە تایبەتی کەئەوەم بینی وا جێگری سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاك (سامی عەبدولرەحمان ) ئالای کوردستانەکەم ماچ دەکات و ئەوسا لە تەك ئالای وەلاتە یەککگرتووەکان و ئالای عێراقەوە وا بەرزی دەکاتەوە،بەڕاستی ئەوەندە دلشاد بووم کە لە خۆشیان پەرواز پەرواز دەچوومەوە بەرەو ساتەکانی ڕەهایی کوردو کوردستانەکەم و وەدی هاتنی ئارەزووە دێرینەکانمان، لەو دەمەش دا کە چاوم بە ئەدرەسی فرۆکەخانەی هەولێر کەوت کە نوسرابوو (**فرۆکەخانەی نیودەولەتی** ) هەندەی ترشاد بوومەوە کە پێم وایە ئەمە سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەیەو ئەوەندە مەنە کە لە ژماردن نایەت و تۆپە قورێکی خنکێنەریشە خرایە ناو دەمی هەموونەیاران و داگیرکەران و ئەوانەی کە بەناوی هەل نەکردنی ئالای کوردستانەوە هیرشی نا بەجێ و ناڕەوا دەکەنە سەر کوردو کوردستانەکەمان من لە و ساتەدا بە بیستن و بینینی ئەو هەوالە مەزنە ئەوەندە شادان بووم کە ناتوانم وەك شادی بوونەکەم باسی بکەم، کە بە چاوی خۆم بینیم ئالای کوردستانە رەنگینەکەم وا لە نێوان ئالای عێراق و ئالای ئەو دەولەتە زلهێزەی وەك ئەمریکا لە نیشتمانەکەی خۆم دا هەل دراو دەشەکێتەوەو لە بەر چاوی تەواوی جیهانیان دا وا ئەو ئالایە رەنگینەم هەل درا، لە خۆشیان نەم دەزانی کە چی بکەم،لەو کاتەدا بە هەستێکی پڕ لە گەشبینیەوە یەك بە خۆم هاوارم کرد و گوتم بژی کوردستان ئەوسا رووم لە مندالانم کرد،کە ئەوانیش زۆر بە خۆشەویستیەوە دەیانروانیە ئەو هەوالە گرنگەو سیمای کەی تیڤی ، هەلدانی ئالای کوردستان و بینینی ئەدرەسی (**فرۆکەخانەی نێو دەولەتی هەولێر**) لە ناو دل و دەروونمان دا دەگەشایەوەو لە خۆشیان جێمان پێ جێ نەبوو ، لەو دەمەدا منیش ئەسرینی دووری و خۆشەویستی کوردستانەکەم لەم تاراوگەو دەربەدەریەی پر بە حەسرەتەکانم دا دەهاتنە خوارەوە، کاکە هێدی کوڕە ناونجیەکەم کە لاوێکی تازە پێ گەییوە،رووی تێ کردم و گوتی: باوکە گیان تۆ کە بەم هەوالە ئەوەندە دلشاد بووی لە جیاتی ئەوەی کە بزەی سەر لێوانت دلمان شاد بکات بۆچی دەگری؟ئاخر گریاتی تۆ ئێمە ئازار دەدات،منیش بە بزەیەکەو سەیرێکم کردو زانیم کە ئەو بە رشتنی ئەسرین لە چاوانم دا وەك هەموو مندالانی ترم و دایکی مندالان دلتەنگ بووینە ، ئەوان لە هەل رشتنی فرمێسکەکانی من نەدەگەیشتن وایان دەزانی کە من لە خەمان دەگریم ، کاکە هێدی کە چاوی بە فرمێسکەکانی دیدەی من کەوت و زۆر بە دلتەنگی و پەرۆشەوە هەستاو دەستمالێکی هێناو ئەسرینی چاوەکانی ئەملاو ئەولامی سەریەوەو گوتی: باوکە گیان مەگری و بەم هەوالە خۆشە دلشاد ببە دلشاد،منیش گوتم:رۆلە گیان ئەم ئەسرینانەم لە دلشادی و خۆشیانە نەك لە خەمان،ئەم زاریەم لە تاو خۆشەویستی هەلدانی ئالای کوردستان و کردنەوەی ئەو فرۆکەخانەیەیە کە لە شاری هەولێردا لە ناو نیشتمانە ئازیزەکەی خۆم دا کراوەتەوە ، ئیتر جارێکی تر بە خاکی کوردستانی داگیرکراومان دا لە هەر سێ پارچەی کوردستانەوە هەرگیز ناگەرێنەوە باوەشی کوردستانی رزگار بومان، یەکسەر لە هەموو وەلاتانی جیهان دا پەرواز دەکەین و دەچینەوە شارە دێرینەکەی خۆمان و کوردستانی ڕزگار کراو بە هەموو جیهانەوە یەکسەر دەبەسرێتەوە،دەزانی چەند بە هیوا بووم کە ئەو رۆژە ببینم کە منیش یەکسەر لەم دوور دوورەوە بۆ باوەشی دایکی ئازیزم نیشتمانەکەی خۆم کوردستانی لە هەموو شتێ خۆشەویسترم پەرواز بکەم ،جارێکی تر چارەی سەربازە نامرۆڤەکانی داگیرکەران لەسەر مەرزە دروست کراوەکانی کوردستانم نەبینەوەو ئەو هەموو سوکایەتیەی کە پێان دەکردین ئیتر نایبینینەوە،لە بیرتانە کە لە سەفەری چوون و و گەرانەوەمان دا تورکەکان چیان بە سەر هێنایین،لە بیرتان نایێ بەر لە چەند سالێ لە مەو بەر کە چوینەوە کوردستان و پاشان گەراینەوە چە کارێکیان پێ کردین لە یادتانە کە ئەو دیاریەی نەخشەی کوردستان بوو بۆ کاکە هێمنی براتان لە زێر لە شاری هەولێر دروستمان کردبوو چۆن بە مەقەس پارچە پارچەیان کردو گەلێ پەیڤی نا بەجێ و نامرۆپانەشیان دژ بە کوردو کوردستان دەگوت و ئەو پەرتوکەی کە

له نوسینی باوكم بوو فریشی به سه‌ر سیاسه‌ته‌وه نه‌بوو،نوسینی له باره‌ی زانستی به‌یانه‌وه بوو و ماموستا قادر به شیٚ كربۆوه‌له سه‌ری نوسی بوو و بۆ چاپ كردن و ئاماده كردنی هێنابووم،به‌لام له ڕێگه دا له سه‌یته‌ره‌كه‌ی ئیبراهیم خه‌لیل له گه‌ل زێره‌كه‌ی نه‌خشه‌ی كوردستان ڤرتیان و بردیان و خه‌ریك بوون به‌لایه‌كیشمان به سه‌ر بێنن و لێیان سه‌ندین و نه‌یان داینه‌وه ! !ئێمه‌ش هه‌رله‌و ساته‌وه بریارمان دا كه تا یه‌كسه‌ر بۆ كوردستانه‌كه‌مان په‌رواز نه‌كه‌ین و جارێكی تر به‌م شوێنه‌دا نه‌گه‌رێینه‌وه؟ له یاد تانه له ده‌ست ئه‌و توركه داگیركه‌رانه چیمان وه‌سه‌ر هات ؟ جا ئه‌م گریانه‌ی من گریانی به ئاوات گه‌یشتنه كه له شادی و دلخۆشیه‌وه ئه‌سرینم له چاوان دێته خواره‌وه به‌م گریانه‌م ده‌لێن گریه‌ی شادی ، گوتم كورد تازه رزگارو سه‌ر به‌خۆ بووه ئه‌م ئالایه و كردنه‌وه‌ی فرۆكه‌خانه‌ی نێو ده‌وله‌تی هه‌ولێر له‌شاره‌كه‌مان دا هێمای سه‌ركه‌وتن و به‌ره‌و رزگاری هه‌میشه‌یی كوردو كوردستانه،ئه‌وسا رووم له كاكه هێدی كرد و گوتم سا ئێوه‌ش بخوێنن زانست فێر بن تا بتوانن خزمه‌ت به‌م كوردستانه ره‌نگینه‌مان بكه‌ن گه‌لی كوردستان پێویستی به پسپۆر و شاره‌زاو زانایانی خۆی هه‌یه، گوتم ئێوه‌ش وه‌ك كاكه هیوا كه برا گه‌وره‌تانه و ئه‌و هه‌موو زه‌حمه‌ت و كوێره‌وه‌ریه‌ی كێشا تا خوێندنی ته‌واو كردو بوو به دكتۆرو، ئه‌مه‌ش جێگه‌ی شانازیمانه كه كاكه هیوا خۆی پیٚ گه‌یاندو هیوا دارم هه‌میشه خزمه‌تگوزاری كوردستان بێت، ئێوه‌ش ده‌بیٚ زۆر ژیرانه‌و دلسۆزانه چاو له براتان بكه‌ن و كاریٚ مه‌كه‌ن كه دوایی په‌شیمانی خۆتانی له دوا بێت ، بخوێنن چونكه خوێندن مایه‌ی سه‌ربه‌رزی و سه‌رفرازیه بۆ خۆتان و نیشتمانه‌كه‌مان و هه‌توانی هه‌موو زام و برینێكه بۆ كوردو كوردستانی ئازیزمان، من كه ئه‌سرینم له چاوان دێته خواره‌وه له تاو دووری نیشتمان و بینینی ئه‌م دیمه‌نه مه‌زنه‌و ڕوداوه گرنگه‌و پڕ له سه‌ربه‌رزیه‌یه كه نه‌مردم و به چاوی خۆم بینیم وا ئالا ره‌نگینه‌كه‌ی كوردستانه‌كه‌م له ته‌ك ئالای ده‌وله‌تێكی زلهێزی وه‌ك ئه‌مه‌ریكا به ده‌ستی به‌رپسیارێكی كورد به‌رز كرایه‌وه‌و وا ئه‌مرۆكه ده‌شه‌كیته‌وه جا گریه‌ی من له تاو خۆشه‌ویستی ئه‌م ئالایه ره‌نگینه‌مانه، بۆ وه‌دی هاتنی ئاره‌زووی دیرینه‌و هیوامانه،من له خۆشیان ده‌گریم و نه‌ك له دلته‌نگی،ئه‌وه‌نده دلشادم كه‌وا ده‌زانم هه‌موو جیهان هی منه،سا ئێوه‌ش ده‌بیٚ هه‌ر وه‌ك من به هه‌لدانی ئه‌م ئالا ره‌نگینه‌مان شاد بن و هه‌رگیز كوردستانی زێدی باوك و باپیرانتان له یاد نه‌كه‌ن و هه‌میشه بلێن بژی كوردستان بژی ئالای رنگینی گه‌ل و نیشتمانه خۆشه‌ویسته‌كه‌مان و ئه‌وه بزانن، كه ئه‌م كاره ئه‌وه‌نده گه‌وره‌یه له مێژووی نه‌ته‌وایه‌تیمان هه‌ر له‌و ساوه‌ی كه له پشته‌وه‌را خه‌نجه‌رێكی ژه‌هراویان له كۆماره ساواكه‌ی مه‌هاباد داوه‌و ئه‌و كۆماره‌یان خنكاندین و ئه‌م ئالایه ره‌نگینه‌یان دا گرتین،ئیتر له‌و ساوته‌وه بۆ یه‌كه‌مجاره كه دیسان وا ئالامان به‌رز كرایه‌وه‌و به‌م شێوه‌یه‌ی كه دیاره له ته‌ك ئالای وه‌لاته یه‌ك گرتووه‌كان ده‌شه‌كیێته‌وه، بروانن چه‌نده جوان و شیرینه ئالای كوردستانه‌كه‌م چۆن ره‌نگی سورم كه نیشانه‌ی خه‌بات و تێكۆشانی گه‌لی كورده‌و ره‌نگی سپییشم نیشانه‌ی ئاشتی و ئاسایشه و ره‌نگی سه‌وزیشم نیشانه‌ی ژیانی به‌خته‌وارنه‌یه و خۆره‌تاوی زه‌ردی ژیان به‌خشی ناو ئالاشم هێمای به‌رزی و نیشانه‌ی سه‌ر بلندی گه‌لی كورده كه‌وا سه‌ربه‌رزانه ده‌ژیت وا ئه‌مڕۆ خاوه‌ن ژیانی خۆیه‌تی، ده‌شه‌كاوه‌یی ئالای كوردستان هه‌ت بلێی مه‌زن و گه‌وه‌ریه،ئه‌مه نیشانه‌ی سه‌ركه‌وتنی كوردوكوردستانه ئه‌مه هێمای روخانی داگیركه‌ران و دكتاتۆره درنده‌كانه، ئه‌مه هێمای سه‌ربه‌خۆیی خاك و نه‌ته‌وه‌كورده،له یادمه له سالانی زۆر زوو دا له شۆڕشی مه‌زنی ئه‌یلول دا ئه‌و رۆژگارانه‌ی كه تازه ده‌نگی كوردستان له ئه‌شكه‌وته ره‌شه دامه‌زرا بوو ،له دوای موسیقای چه‌می ڕێزان هه‌میشه ســــروودی ( پێشمه‌رگه‌ین به هه‌لمه‌تین) له ده‌نگی كوردستان لیمان ده‌دا مه‌كته‌بی سیاسی به نامه‌یه‌ك ئاگاداری ده‌نگی كوردستانیان كرد كه ئه‌وه‌نده سرودی پێشمه‌رگه لیٚ مه‌ده‌ن چونكه ئه‌م رسته‌یه كه ده‌لی (له پێناوی سه‌ربه‌خۆیی كوردستان به‌خته‌كه‌ین سه‌ر ومال و گیان ) بۆ سیاسه‌تی ئه‌مرۆمان ناگونجێت بۆیه‌كه كه‌متر لیٚ بدرێت باشتره ! !ئه‌و روژگارانه ئاوا بوو ئه‌مرۆش وا ئالاكه‌ی هێمای رزگاری و سه‌ر به‌خۆییم له كوردستان دا به كویرایی چاوی نه‌یاران و داگیركه‌رانی كوردستان وا ده‌شه‌كێته‌وه‌و ئه‌مه بۆ خۆی نیشانه‌ی به فیرۆ نه‌چونی خوێنی شه‌هیدانی كوردو كوردستانه و ئه‌وه‌نده مه‌زنه كه ناتوانم وه‌ك خۆی بۆتان باس بكه‌م،ئه‌مه هێمای سه‌ر به‌خۆیی هه‌میشه‌یی كوردو كوردستانمانه، بۆیه‌كه ده‌لێم:

## بژی ئالای کوردستان

موژده موژده لە ئێوه بێ

لە سۆزو کورد پەروەر بێ

سەرکەوتنی ئالای بەرزم

لە گشت کوردێ هەر پیرۆز بێ

موژده موژده ئەی هەڤالان

وا ئالای کورد شەکایەوه

لە ئاسمانی کوردەواری

سیمای جوانی ئالای بەرزم ڕازایەوه

ئێمه  سەر و مال و گیانمان

بۆ سەر بەرزی کوردستانمان

وێکران دەکەین بەقوربانی نیشتمانمان

یەکتر دەگرین بۆ کوردستان

بە دل و بە  گیان

سرودی بەرزی شادی دەلێین

وێکڕان هەموویەکتر دەگرین

لە رییێی بەرزی ئالا دەمرین

هەرچی کوردە بە یەکەوه

چی هەمانه لە دل و بە ڤیان

پێشکەش دەکەین بە کوردستان



## ئەحمەد دەشتی

دەلێین بژی حاکی کوردم

بەرەو پێش و شادی بچێ

گشت هەواری کوردی مەردم

بە تەکنبك و تەکنەلۆژیا

کوردستانمان وەپێش دەخەین

بە سەر بەرزی هاوار دەکەین

بژی ئالا بژی ئالا

بژی ئالای کوردستانی

سەر بەخۆ و و روو لە بلا

ئالا چاوو هەست و بیرمه

ئالام گیان و رەمزی ژینمه

ئالام  بوونی  سەروەریمه

ئالام خوێنی شەهیدان و

سەربەخۆیی و گەورەیمه

ئالام هێمای رزگاربوونمه

ئالام ژیان و بەرزی و دینمه

هەر سەرکەوێ ئالای کوردم

شەکاوه بێ ئالای جوانم

لە سەر هەردم

۲۰۰۳ .۱,۷ بەرلین بە یادی کردنەوەی فرۆکەخانەی نیو دەولەتی هەولێرو هەلدانی ئالای کوردستا